# دواکەوتنی ئابوری هۆکاری هەموو دواکەوتنەکانە



**مامۆستا/ نەوزاد حوسێن**

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەچەندەها قۆناغدا تێپەڕی کردووە، تا گەیشتووە بەم ئاستەی ئێستای، پڕێتی لەهەڵکشان و داشکان، ڕۆژگارێك بووە چەندەها ناوچەی ئەم گۆی زەمینە لەلوتکەی شارستانیو پێشکەوتن بوون، ئێستا لەڕیزی دواوەی وڵاتە هەژارەکانن، کە بەووڵاتانی (جیهانی سێیەم) ناویان دەبرێ، لێکۆڵینەوەو قسەکردن لەسەر ئەو هۆکارانە بەجێگیرو گۆڕاوەوە، بەسروشتیو دەسکردەوە دەرفەتێکی زۆری دەوێ ڕەنگە لەووتارێکی وادا تەنها بەکورتیو بەسەرەقەڵەم بتوانرێ ئاماژە بەهەندێکیان بکرێت..

باری جوگرافی هەندێ ناوچەو وڵاتی جیهان لەڕووی بەرزی پلەی گەرماو بێ هێزیو بێتامی خاکەکەیو جێگیر نەبوونو خراپی کەشو ئاو و هەواکەی کاریگەری زۆری دروست کردووە لەسەر خراپ بوونی کیشاوەرزیو کشتوکاڵ کردن لەو شوێنانە، تەنانەت ڕووەکە سروشتیو خۆرسکە سوود بەخشەکانیش لەوێ سەوز بوونو ئامادە بوونیان زۆر کەمە یان هەر نییە، ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر دانیشتوان دروست دەکاو دەبێتە هۆی ناخۆش بوونی ژینگەکەو چۆڵ کردنی لەلایەن خەڵکەکەوە. بۆیە دەبینرێ ملیۆنان کیلۆتری چوارگۆشەی ئەم زەمینە بێ دانیشتوانە.. دیارە ئەوە دیاردەیەکی سروشتییەو کەمتر پەیوەندی بەدەسەڵاتی مرۆڤەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەو سوود وەرگرتن لەبەرو بوومە ژێر زەمینیو سەر زەمینیەکانیان ئێستا وڵاتە پێشکەوتووەکان لەهەوڵی ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەن بەنوێترین داهێنراوی تەکنۆلۆجیا، دەرهێنانی ئاوی ژێر زەمینو درست کردنی شارو سەوزایی تیایاندا، بەمەش لەلایەك چڕیو قەرەباڵغی دانیشتوان لەهەندێ شوێن کەم دەکەنەوەو، لەلایەکی دیکەشەوە ئابوری ئەو وڵات بەرزدەکەنەوە بەهۆی ئەو کارگەو کشتوکاڵەی کەلەوێ دەکەونە گەڕ. دیسانەوە قازانجێکی دیکەی هەیە لەڕووی کەم کردنەوەی بێ کاریو زیادکردنی داهاتی تاك. لەووڵاتێکی وەکو عێراقو بەتایبەت لەکوردستاندا ژینگەو کەشو هەوا ئەوەندە لەبارو گونجاوە بەکەمترین سەرمایە باشترین قازانجی نیشتمانی دەکرێت، ئەگەر ئاسایش بەرقەرار بێتو لێپرسراوە حکومیو حزبیەکان نەبن بە سەرمایەداری مشەخۆرو جەردەی ڕێگەی ئاوەدانکردنەوە... دیارە بەپێی بنەماو یاسا ئابوورییەکان زۆر عەیبە وڵاتێك کە هەموو ڕەهەندەکانی پێشکەوتنی تیابێت، کەچی لەسەلکە تورێکەوە تا گەورەترین پێداویستی پشت بەهاوردەی دەرەکی ببەستێ.. هۆکاری دیکەی دواکەوتنی ئابوری وەکو باڵادەستی (هێزی دەرەبەگو عەشیرەتو ئینجا ئایینەکانو کاریگەرییان لەسەر فیکری تاك) دیسانەوە دەبن بەڕێگر لەڕووی گەشەی ئابوریو بەرهەم هێنانی نیشتمانی، بەڵام ڕەنگە لەکوردستان ئەو حاڵەتە کەمتر دەوری هەبێ، لەجێی ئەوانە کۆمەڵێ بازرگانی پشت قایم بەدەسەڵاتی سیاسیو فیکری حزبی کۆنترۆڵی وڵاتیان کردووە، سەرجەم سەرخانو ژێرخانیان بەشێوەیەك قۆرخ کردووە کە تاکی کورد لەدوورو نزیکەوە پێیان نەوێرن لەترسی مێشکی دەمانچەو قەرەوڵی تفەنگەکانیان. ئەوەش نەبێ خەڵکی بەگەندەڵیو دزیو وازی دەسەڵات نەزانێ، بەڵام دیارە ئەوە ململانێیەکی ناڕەوایە لەپێناوی مانەوەدا، بەڕای هەندێ شارەزاو پسپۆڕانی ئابوری کوردستانو ناوچەکە ئەوە یەکێکە لەهۆکارە هەرە گرنگو سەرەکییەکانی دواکەوتنی ئابوری ئەم وڵاتە کە دواتر دواکەوتنی زۆرینەی کۆمەڵگەی بەداووەدێت. ئەگەر پیاچوونەوەیەك بەهۆکارە مێژووییەکانی گەشەکردنو پێشکەوتنی وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆی جیهاندا بکەین لەڕووی کۆمەڵایەتیو ئابورییەوە دەردەکەوێت کە ئەوە بەرهەمو ئەنجامی هەوڵو تێکۆشانو دڵسۆزی خەڵکی ئەو وڵاتانە خۆیانن.. بۆ نموونە لەووڵاتێکی وەکو (ئینگلتەرە) کە پێشڕەوی شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپا بوو، بەتەنها کێشە کشتوکاڵییەکانو دەرهێنانی خەڵوزی بەرد هۆی سەرەکی نەبوون لەو شۆڕشەدا، بەپێچەوانەوە گەشەکردنی بیری پیشەسازیو بەرهەم هێنانو هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لەداهێنانی کەسانی دیکە، بنەمای توێژێکی بۆرژوازی داهێنەری دانا کە دواتر بەپێی تێپەڕبوونی کات بوون بەچینێکی بەهێزی بۆرژوازی نیشتمانیو کەوتە ململانێی دەرەبەگایەتی تا دەسەڵاتیان لێ وەرگرت.. کەواتە بوونی چینێکی دەرەبەگی ڕاستەقینەو بۆرژوایەکی ڕاستەقینە زۆر گرنگە بۆ دروست بوونی ئەو ململانێیە کە ڕەنگە لەئەمڕۆی کوردستاندا هیچ کامیان وەکو پێویست ئامادەییان نەبێ... لەبەر ئەوە پێویستە ڕێگەچارەی دیکە بۆ گەشەپێدانو بەهێزکردنی ئابوری وڵاتو چارەسەرکردنی کێشە ئابورییەکان بدۆزرێتەوەو بگیرێنەبەر، هاوشێوەی ئەو ڕێبازانەی کە لەهەندێ وڵاتی ئاسیا پەیڕەوکراونو ئێستا ململانێی بازاڕی جیهان دەکەن... سەرەتا ئەو وڵاتانەش وەکو ئێستای کوردستان چینێکی بۆرژوای ڕێکخراویان نەبوو تا ببن بەپێشەوای گەشەو بووژانەوەی ئابوری، بەڵام سیاسەتێکی گونجاوی بازرگانی هاوشانی بەهێزکردنی کارگەو (مانیفاکتۆرەکان)ی خۆیانو گرنگی دان بەتاكو داهێنانەکانیانو خۆشگوزەرانکردنی ژیانی خەڵك، دڵسۆزیو گروتینێکی بەهێزی بەخشی بەسەرجەم چینو توێژەکانی ئەو وڵاتانە تا بگەن بەم ئاستەی ئێستایان.. بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی سیاسی لەووڵاتە دواکەوتووەکاندا بوونە بەهۆکاری سەرەکی دواکەوتنی ئابوری. لەم وڵاتانەدا دەستەیەك سەرپەرشتی دەسەڵات دەکەن، بەبێ گوێدان بەچالاکیو داهێنانو ئاراستەکانی جەماوەر، ئابوری وڵاتەکە بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەندێ وڵاتی داگیرکەری بێگانە ئاراستە دەکەن. خۆیان هەم سیاسەتمەدار، هەم سەرمایەدار، بێ بەزەییانە قازانجەکانیان بەرەو بانکە دەولیەکان ڕەوانە دەکەن، بەشێوازی تایبەتیش سەرکوتی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەن کە تەگەرە دەخەنە بەردەمیانو هێواش هێواش کارگەو مانیفاکتۆرەکان بەرەو پوکانەوە دەبەن، زۆر بەکەمی هەوڵی خستنەگەڕی سەرمایە نیشتمانییەکان دەدەن لەناوخۆ، هەموو هەوڵێکیان بۆ بازرکانی کردنو هاوردنی کاڵاو کەرەسەی بێگانەیە.

لەکاتێکدا کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە دواکەوتووانە پێکهاتەیەکی فرە ڕەگەزو فرە نەتەوەبنو دەیان دەستی دەرەکی ڕۆڵی هەبێ لەبەش بەش کردنو ناکۆکی دروست کردن لەنێوانیاندا، ئەگەر کەسانێکی زۆر ژیرو دڵسۆزو نیشتمانپەروەر دەسەڵات نەگرنە دەستو هەوڵی بنەبڕکردنی گەندەڵی نەدەن، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەو وڵاتە نابێ بەخاوەن کەرەسەکانی بەرهەم هێنانو پیشەسازییەکی نیشتمانی، ناتوانێ بەرەنگاری هێزە داگیرکەرە دەرەکییەکانو ئاژاوە گێڕەکانی ناوخۆ بکات، ئەوکاتە خەڵکی چارەنووسی خۆیان تەسلیم بەقەدەر دەکەن.

ئەگەر نموویەك لەسەر کارە ئیستعمارییەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان وەرگرین لەڕابردوو، ئێستادا دەبینین چۆن لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیانو دزینی سەروەتو سامانی وڵاتەکەو تەنانەت گۆڕینی عەقڵی خەڵکەکەش کۆمەڵێ پرۆژەی ئاوەدان کردنەوەیان ئەنجام داوە وەکو: ڕێگەوبان، بەربەستی ئاو، سکەی شەمەندەفەر، هەندێ کارگەو دروست کردنی چەندەها کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون.... هتد. ئەوانە هەرچەندە سوودی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام ڕێگرێکی دیکەی بەهێزن لەبەردەم گەشەکردنی ئابوری نیشتمانی سەربەخۆ، لەلایەك خەڵکێکی تەمەڵو تەوەزل دروست دەکات کە هەمیشە چاویان لەدەستی بێگانە بێت، واتە کۆمەڵگەیەکی نان خۆرو جێگیر (مستهلك)، وەکو ئێستای کوردستان.. لەلایەکی دیکەوە هەرچی هێزی کارو عەقڵی داهێنانە لەئەنجامی ئەوانەدا ئینتمای نیشتمانیان لاواز دەبیو وڵات بەجێ دێڵنو بەرەو شوێنێکی تر سەر هەڵدەگرن.

ژیان لەسایەی ئەم جۆرە دەسەڵاتو ئەم جۆرە ئابورییە بۆ زۆرینەی خەڵك ئاڵۆز دەبێ، ڕاستە هاتنەپێشەوەی مەدەنیەتو درن دان بەکۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی، ڕێ کردنە لەگەڵ ڕەوتی مێژوو، قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤایەتیدا، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێ گەڕانەوەی ئەو هەموو جووتیارانە بۆ ناو شارەکان چ زیانێك لەدارایيو ئابوری وڵاتو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەدات... بەرهەمە کشتوکاڵیو ئاژەڵییەکان ئەوەندەی دیکە لاواز دەبن، پەیوەندییەکانی نێوان تاکیش هەر بەو ئاراستەیە بەرەو نەمان دەڕوات. ئەگەر پێشتر بڕوایان بەکاری هەرەوەزیو بێ بەرامبەر هەبووبێ لەژێرکاریگەری هەندێ دروشمی ئایینیو کۆمەڵایەتی، ئێستا ئەو هێزو توانایانە هەمووی دەفرۆشنو هیچ نرخو بەهایەك بۆ سەرەتاو ئاینو شتە پیرۆزەکان دانانێن، بۆیە کۆمەڵگەش بەرەو هەڵوەشانەوەو لێك ترازان هەنگاو دەنێ، هەرکەس دەکەوێتە هەوڵی خۆیەوەو کەس وڵاتو نیشتمانی لەبیر نامێنێو زەبرێکی کوشندەی لێ دەدەن.

لێکۆڵینەوەی ئەو هۆکارانە لەگەڵ پەند وەرگرتن لەدەسەڵاتی چەند ساڵی ڕابردووی کوردستانو وڵاتانی هاوشێوەی کوردستان بێگومان سوودێکی زۆری هەیەو دەبێ لەکارە یەکەمینەکانی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت چونکە دواکەوتنی ئابوری سەرچاوەی هەموو دواکەوتنە بەتایبەتی دواکەوتن لەشارستانیەت.

# ئاماژەکانی پشت سەردانەکەی مالکی بۆ کوردستان چین؟!



**هۆشیار عەبدولرەحمان**

لەسەرەتای دروست بوونی ئەم عێراقەی، بەناو دەوڵەتی عێراقە لەساڵی 1921، تاکو ئەم چرکەساتەی تێدا دەژین بچوکترین سەقامگیری سیاسیو ئابوریو سەربازی بەخۆوە نەبینیوە. هەموو ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی بەسیستەمی پاشایەتیو کۆماریشەوەو بەتایبەتی لەسەر دەستی بەعسیەکان ئەم عێراقەیان تووشی خەڵتانی خوێن کردو سەروەتو سامانەکەشیان کردە قوربانی جەنگە یەك لەدوای یەکەکانی دۆڕاویانو کوردستانیشیان لەم کارەساتەو کاول کارییە بێبەش نەکردو لەهەڵمەتە بەدناوەکانی ئەنفالدا گەلو خاکەکەیان سوتماك کرد. زۆربەی چاودێرانی سیاسی پێیانوایە لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسو نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆریو تۆتالیتاری سەدام لەعێراق ئیتر ئەم وڵاتە لەدەست شەڕو ئاژاوەو فیتنەگەری ڕزگاری دەبێتو خەڵکەکەشی ئاهێکی حەسانەوەو کەمێك بەئاسوودەیی دەژین، بەڵام بەداخەوە هەموو شتەکان بەپێچەوانەوە کەوتەوە، کەچی وڵات زۆربەرەو خراپ ترو خراپتر بارودۆخەکەی ئاڵۆزترو پەشێویو تیرۆرو ڕەشەکوژیو دزییو ڕفاندنی هاووڵاتیانی بێتاوانیشی لێ کەوتەوە.

لێرەدا پرسیارێك دێتەپێشەوە. ئایا ئەم پشێویو ئاڵۆزبوونی بارودۆخەی ئێستای عێراق لەئەستۆی کێدایە؟. هەریەکە لەعێراق ئەوی تر بەرپرسیار دەکات لێی. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتایی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە 9-4-2003 و هاتنی سوپای هاوپەیمانیو فرە ڕەگەز بەسەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ عێراق، لەگەڵ داگیرکردنی عێراق، لەلایەن ئەم سوپایەو کەوتنی ڕژێمی بەعس، ئیتر ئەمەریکیەکان وایان زانی ئەم عێراقە دەبێتە شامی شەریفو ئەوانیش بەکەیفی خۆیان تەراتێن لەوڵات دەکەن، بەڕاستی دەرکەوت کە ئەمریکیەکان شارەزاییەکی باشیان لەشێوازی دەسەڵاتی سیاسیو پێکهاتە هۆمۆجینەکەی عێراق نیە، کەچەندین نەتەوەو مەزهەبو ئایینی تێدا دەژیت، قسەکەی (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) کە دەڵێت ئەم عێراقە، عێراقی دابەش بوونو کوشتو کوشتارو فیتنەگەری لەهەموو کاتو ساتێکدا تێدادەژی، بۆیە چەندین لەدەوڵەتە زلهێزەکان ئامۆژگاری (بووش) یان کردووە کە پەلاماری سەربازی بۆ سەر عێراق نەکاتو پێیان گوت ئەم عێراقە زەلکاوە ئەوەی شارەزایی باشی نەبێت دەرچوونی زۆر زەحمەتە، ئەم عێراقە بەکوردستانیشەوە هەر لەسەرەتایی دروست بوونی دەوڵەتی ئیسلامیشەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفەی دووەمدا هەمیشە چاو تێبڕینی خاكو سامانەکەی لەلایەن سوپای ئیسلامەوە بووەو پەلاماری دراوەو داگیرکراوەو دەستیان بەو سەروەتو سامانە زۆر زەبەلاحەی عێراق گرتووە، کەچی بەماوەیەکی زۆر کەم، لەسەردەمی خەلیفەی چوارەمدا شەڕو تووندوتیژی لەخاکی عێراق، لەنزیك کوفە لەنێوان سوننەو شیعەدا هەڵگیرساو تا ئێستاش ئەو ململانێو ئاگری ئەو شەڕ ئەم وڵاتە دەسووتێنی. ئەوەتا لەشاری بەغدای پایتەخت ڕۆژانە نزیکەی سەد کەس دەکوژرێو لەکوچەو کۆڵانەکانو دەرەوەی شار فڕێ دەدرێو چەندین کارەساتی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چەندین ئافرەت بێوەژن دەکەونو چەندین منداڵ هەتیو دەبنو بێ سەرپەرشتیار دەمێننەوە، ئایا هەموو ئەمانە لەئەستۆی کێ دایە؟، تاکەی ئەم وڵاتە ببێتە قوربانی تووندوتیژیو ململانێی مەزهەبی، ئایینیو نەتەوەیی. تەنانەت مزگەوتەکانیش بێبەش نەبوون لەم پەلامارو کوشتو بڕی خەڵکی موسڵمانی بێتاوان لەمزگەوتەکاندا، کەچی مزگەوت چاکترین ڕەمزی خواپەرستیو دیانەتەو جێگەی موسڵمانانە، بەڵام ئەمانە لەبەر بەرژەوەندی دەسەڵاتو ململانێی مەزهەبی هەموو مەسەلە سەرەکیەکانی خۆشیان لەبیر چووەتەوە، ئەوەی دەمەوێ لەسەری ڕاوەستم، سەردانەکەی لەم ڕۆژانەدا سەرەك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ کە سەردانی شاری هەولێری پایتەختی کوردستانی کردو لەگەڵ سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی پەرلەمانو سەرۆکی حکومەتی کوردستان کۆبوەوەو دواتر لەگەڵ زۆربەی حزبە کوردستانیەکانو ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەریەکان کۆبوەوە، ئەوەی کە لەقسەکانیو لەگوتارەکەی بەڕێز مالکی ڕوون بوەوە زۆر بەئاشکراییو شەفافیەتەوە داوای لەگەلی کوردو دەسەڵاتە سیاسییەکەی کرد کە هاوکاری حکومەتی عێراقی هەڵبژێردراو بکەن، لەشەڕی تیرۆرو بەعسیەکان هاوکاری زیاتری عێراق بن بۆ ئەوەی مەترسی شەڕی ناوەخۆو تایفی لەعێراق هەڵنەگیرسێو ئەم حکومەتەشی هەرەسی نەهێنێو وڵات جارێکی تر وێران نەبێتەوەو تەڕو وشك پێکەوە نەسووتێ. کەچی بەڕێز مالکی زۆر بەکورتیو بەکەمی بەلای مادەی (140) ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا چوو کە تایبەتە بەمەسەلەی ئاسایی کردنەوەی شاری کەرکوكو گێڕانەوەی قەزاو ناحیەکانی دەوروبەریو گێڕانەوەی عەرەبەکانی هاوردە بۆ جێگەو ڕێگەی خۆیانو گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك بۆ شاری کەرکوك، تەرخانکردنی بودجە بۆ قەرەبووی زیانەکانو گەڕانەوەی شاری کەرکوك بۆ سەر هەرێمی باشووری کوردستان، کەچی چەندین پرسیار لەسەر ئەو مەسەلەیە کرا، بەڕێزی گوتی هەموو ڕێو شوێنەکان دەگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی مادەی (140)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، من پێم وایە باشترین کاتو زەمەن ئێستایە بۆ بەکارهێنانی کارتی فشار بۆ سەر حکومەتی ئێستای عێراق لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە بۆ جێبەجێ کردنی مادەی (140) ی تایبەت بەکورد، چونکە بارودۆخی عێراق زۆر شلۆقو جێگەی مەترسیە بۆ دابەش بوونی عێراق بەسەر سێ ویلایەتەکەداو لەم ڕۆژانە بارودۆخی شاری بەسرەش زۆر خراپەو جێگەی مەترسیە، بۆیە حکومەتی عێراقو بەتایبەتی دەسەڵاتی شیعە لەعێراق هەستیان بەو مەترسیو شەڕی تایفیە کردووە، بۆیە داوا لەدەسەڵاتی سیاسی کوردی دەکەن زیاتر هاوکاریان بکەن، چونکە دەزانن دەوڵەتانی ئقلیمی زۆر دەست لەڕەوشی سیاسی عێراق وەردەدەنو لەوانەیە بارودۆخەکە زیاتر بشێوێنن. بۆیە پێویستی زیاتریان بەهاوکاری گەلی کوردە، ئیتر سەرکردایەتی سیاسی کوردی دەبێ چاوەڕوانی وەعدو بەڵێنی کەس نەکاو لەکاتی خۆیدا فرسەتو کارتەکانی خۆی بەکار بهێنێو داواکاریو مافەکانی گەلی کورد جێبەجێ بکرێو لەوە زیاتر مەسەلەکان دوانەخرێ بۆ کاتێکی تر چونکە کاتو زەمان چاوەڕێی کەس ناکات ئەگەر نەیبڕی دەتبڕێو هەموو لێپرسراویەتەکانیش دەکەوێتە ئەستۆیانو گەلیش لەکەس خۆش نابێ.